# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەیییە؛ نها.

**ژمارە ٣٦ـ ٦ی ڕەزبەر ٢٧١٨**

**■ چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

پەروین شێخی
جێگر بەختیار
زانا شەریفیان
دابان عەتار
سەدەف فرووغی
هیوا بەیرامی
ڕەحمان جەنگ
موحسین سوبحانی
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی
بیژەن ڕەحمانی
فەرهاد ساڵەحی‌فەر
سارا سادقزادە
ڕەزا فرووغی
حمێرا محەممەد ئەمینی
هێمن ئەمینی.

**■ بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ٣٠...

**■ ئامادەکاران:** ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- بە تامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی



٦ی ڕەزبەر ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "بەڵگەی دی ئێن ئەی"

خۆی بەسەر پشتی کورسیەکەدا دا. پێنووسەکەی بە دەستەی کورسیەکەی وردوخاش کرد. نەیدەتوانی چاو لەسەر قاقەزەکەی سەر مێزەکەی هەڵگرێت. بە چاوەکانی پێیدا دەهاتەوە و، هەرکە پێڵوەکانی لێکدەنا، تەواوی وشەکان دەهاتنەوە پێش چاوی. جێگای نینۆکەکانی بەسەر مێزەکەوە مابوون. هێشتاش ژوورەکەی و هەرچی تێدایە، لە دەنگی بەجێماوی دەلەرێتەوە.

ـ ئەم تاڵە مووە کاڵە لە کوێوە خۆی گەیاندۆتە سەر ناوەکەم؟ ئاخ...! وەکوو مارێک دێتەوە بەرچاوم کە لە نێچیری خۆی هاڵاوە، هی کام یەک لە کچەکانە؟"

هی کچە بیست ساڵانە، بە هەڵسووکەوت دەساڵانەکەیە؛ ئەوەی چاوی ڕەشە!؟ یان هی...

خوێندکارەکان هەموویان چووبوونەتە دەرەوە، جگە لە کچێک! کچێکی پرچ کاڵ.

ـ کاتێ زانی پۆل کەسی تێدا نەماوە، بانگی کردم و بە چاوە شێتەکانی سەیری کردم و گوتی: "ئەوە بۆ تۆ نووسراوە مامۆستا!"

قاقەزەکەی دا دەستم و بە پڕتاو بۆی دەرچوو. لەبەر خۆمەوە گوتم: "ڕەنگە داوای نومرەی کردبێ و، لە ڕووی نەهاتووە، بۆیە لەم قاقەزەدا بۆی نووسیوم. پێم سەیرە، بۆچی زەنگی بۆ مۆبایلەکەم لێ نەداوە؟! ڕەنگە مۆبایلی نەبووبێت."

هاتم قاقەزەکە بکەمەوە لە پڕ چەند خوێندکارێ خۆیان کرد بە پۆلەکەدا، ئیتر قاقەزەکەم خستە نێو جانتاکەم و پۆلەکەم بەجێهێشت. کاتێ گەیشتمەوە ماڵێ، زۆر ماندوو بووم، چاوە شێتەکانی ئەو کچە لە پێش چاوم لانەدەچوون!

کڵاوەکەت لابرد، دەستێکت بە سەرە رووتاوەکەتدا هێنا و خۆت بە سەر کورسییەکەدا دا و پێڵوەکانت لێکنا؛ لە پڕ وەبیرت هاتەوە چاوێک بە قاقەزەکەی کچە چاو شێتەکەدا بخشێنی. نەتدەتوانی چاو لەسەر قاقەزەکەی سەر مێزەکەت هەڵگری. بە چاوەکانت پێیدا دەهاتییەوە و، هەرکە پێڵوەکانت لێکدەنا، تەواوی وشەکان دەهاتنەوە پێش چاوت. جێگای نینۆکەکانت بەسەر مێزەکەوە ماون. هێشتاش ژوورەکت و هەرچی تێدایە، لە دەنگی بەجێماوت دەلەرێنەوە: "مامۆستا ئەو تاڵە موویە مووی کچی ئەو ناوەیە وا تێیهاڵاوە!"

▪ نووسینی هابەشی: زانا شەریفیان ـ شەرمین ساڵحی ـ ناسر فەتحی



Sarah Ahrens

## "لۆژیک بەدۆڵێدا"

دەرگای یەخچاڵەکەی کردەوە. بۆنێکی پیس خەریک بوو کاسی بکات. عەلاگەیەکی ڕەشی تێدا بوو. بۆنەکە لە عەلاگەکەوە دەهات، بە قێز و بێزەوە عەلاگەکەی دەرهێنا. لەسەر مێزی خواردنەکەی دانا و بە سەری دوو پەنجەی، وەک دەست بۆ پەڕۆبەگوو بەرێ، لۆیەکی زارکی عەلاگەکەی کردەوە. هەرکە چاوی بە نێو عەلاگەکە کەوت ڕشاوە. منداڵە مردووەکەی نێو عەلاگەکە بەو ڕشاوەیەی کە بەسەریدا ڕژابوو دەتگوت بەر لە لەدایک بوون خۆی پیس کردووە و بە سێزاریەن لە ئاوەڵمنداڵی لەگووهەڵکێشراوی دایکیان دەرهێناوە....

دەمتوانی ئەو دێرانەی سەروە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بگۆڕم، بۆ نمونە، گۆڕانێکی بچووک لە درێژەی ئەم دێرەدا: "منداڵە مردووەکەی نێو عەلاگەکە..."

دەتوانم بە گۆرینی ئەو دێرە چارەنووسێکی نوێ بۆ کاراکتەرەکەم و چیرۆکەکەم بدۆزمەوە، بەڵام دەترسم وا بکەم کاراکتەرەکەم (منداڵەکە) خوێڕیەکی نقۆڵای وەک تۆی لێ دەربچێت.

ئێستا بەسەرخۆشی ملی ڕێت گرتوەتە بەر، ناتەوێ بیر لەو کارەساتەی چەند کاتژمێرێک پێش ئیستا بکەیتەوە، ئەوکاتەی منداڵە تازەلەدایک بووەکەت لە دامەنی دایکە داماوەکەی هەڵگرت و، دوای ئەوەی گوولـەیەکت بە نێوچەوانی دایکەکەوە نا، منداڵەکەت خنکاند و لە عەلاگەیەکی ڕەشت نا و وەک هێمایەک بۆ ترساندن خستە نێو تەنەکەی زبڵی ماڵی باوکییەوە. دەزانم ئیستا وەک خوێنەر لەوانەیە کەڵکەڵەی ئەوەتان بۆ دروست بێت، کە باوکی شەرعی یان ناشەرعی؟! بە من ناڵێن سەبارەت منداڵێکی ئاواوە شەرعی بوون و شەرعی نەبوونی باوک چ مانایەکی هەیە؟ ئەو هەر ئەوەندە دەزانیت چەند خوولەکێک هاتووەتە بوون و دواتر خنکێنراوە! هەڵبەت ئەگەر بشزانێ هاتووەتە بوون. بەڵام بە چ تاوانێک؟ نازانێت!

دەمتوانی بنووسم کاتێک سەری عەلاگەکەی لادا، منداڵێکی بچووک لەنێو لینجاییەکی سووورباودا بەدەرکەوت، سەرەتا وای زانی مردووە، بەڵام دوای خوولەکێک ڕامان لیی، بە گریانێکی تیژ بە ئاگاهات!

سەیری کرد، دووچاوی ڕەشی بچووک لە نێو گۆشتێکی هەڵئاوساو بەدەرکەوتن!

نازانم من بۆ لێرەدا باسی ئەو گریمانەیە دەکەم!؟ نازانم من کە خاناخا لە درێژەی چیرۆکەکەدا ئەو کاراکتەرەم بە تاوانی ئەوانی دی کووشتووە، ئێستا چ سوودی هەیە باسی ئەو گریمانەیە بکەم!؟

هەڵبەت گریمانەکە کێشەی لۆژیکی هەیە، چۆن منداڵێکی ساوا دەتوانێ لەناو عەلاگە و لە یەخچاڵ دا بەزیندوویی بمێنێتەوە؟ لۆژیک کیلۆی بەچەندی؟ دەمتوانی بڵێم دەرەجەی ساردکەرەوەی یەخچاڵەکە زۆر نەبووە. منداڵەکەش لە دەدەقە زیاتر لەوێدا نەبووە. منداڵیش وەک مرۆڤی گەورە نازانێ یەخچاڵ چییە تا لەترسی جێی تەنگ و نامۆدا دڵی بتۆقێ.

ئەو منداڵەی خستبوویانە نێو تەنەکەی زبڵەکە، هەمان ئەو منداڵە بوو کە خرابووە نێو یەخچاڵەکە.

ئەو کەسەش کە بەسەر تەرمی منداڵە ساواکەدا ڕشابووەوە، ژنەکەی بوو.

چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد ژنەکەی دوای تۆران و چوونەوەی بۆ ماڵی بابی، بۆخۆی سەربەخۆ بگەڕێتەوە ماڵەوەیان و بەسەر ئەو دیمەنەدا بکەوێ...

ژنەکە وەک تاوانێکی گەورەی کردبێ، سەرەتا بە دەسماڵ ڕشاوەکەی لەسەر

منداڵەکە خاوێن کردەوە و دواتر بە گریان و نووکە نووک هەڵاتە دەرێ و زەنگی بۆ مێردەکەی لێدا: "عەلۆ جەلال! جەلال! منداڵێکی مردوو لە یەخچاڵەکەمان دابوو!"

- تۆ چ دەکەی لە ماڵێ؟ چ سەگبابێک تۆی هێناوەتەوە؟

- ...

موبایلەکەی داخست و فڕێیدایە سەر مێزەکە. زڕکچەکەی بانگ کرد: "ئەرێ چەتیو ئەوە لە کوێی؟"

پیاوەکە کاتێک ئەم ژنەی هێنابوو. منداڵێکی کچی لە ژنەکەی پێشووی هەبوو. کچی کابرا کە ئیتر گەورە ببوو و تازە دوای ساڵێک لە زانکۆ گەڕابووەوە. هەڵاتە لەی زڕدایکی و کە چاوی بە عەلاگە ڕەشەکە کەوت. وەبیر منداڵیی کەوتەوە و لە جێ خۆی وشک بوو و هیچی بۆ نەگوترا.

کە منداڵ بوو، دوای مەرگی دایکی، کە دیارە قەت دایکی نەدیتبوو، باوکی بەر لەوەی ژن بێنێتەوە، ڕۆژێک عەلاگەیێکی ڕەشی لەوشێوەیەی لە حەوشەدا، لە پشت گوڵەچاییەکان حەشار دابوو و پێی گوتبوو: "زارکەکەی نەکەیەوە تا سبەی دەیبەمە دەرێ!" گوتبووی: "ئەمانەتی دۆستێکە، نابێ لێشی نزیک بیەوە!"

بەڵام بۆنی عەلاگەکە سەرنجی کچەکەی ڕاکێشابوو و زارکەکەی کردبووەوە. ئەوە یەکەم جار و ئەمجارەش ئەوە دووهەم جار بوو کە کچەکەی دیمەنی تەرمی منداڵی مردووی لە عەلاگەی ڕەشدا دەبینی. ئەوکات زۆر لەوە منداڵتر بوو بزانێ مردوو و زیندوو یانی چی. ئەو لەهەر حاڵدا وەک بووکەڵەکانی سەیری کردبوو و بەدزیی بابیەوە زۆری یاری لەگەڵ کردبوو.

ژنی کابرا نەیدەزانی چ بکات! زەردیی تف و پاشماوەی ڕشانەوەکەی بە دەمیەوە وشک بووبوویەوە و هێشتا لە منداڵی مردووی نێو عەلاگەکەی دەیڕوانی بەڵام نەیدەوێرا دەستی بۆ بەرێ و بیهێنێتە دەرێ، هەردووکیان بە پێوە وشک بووبوون. تەق و کوتی دەرگای حەوشە بەرز بوویەوە. کابرا بە پەشۆکاوی و بە تووڕەییەوە هاتە ژوورێ. دیمەنی ڕوخساری وەک ئەو کەسانە نەدەچوو کە تیری نابێت بە نێوچاوی دایکی منداڵەکەیەوە و منداڵەکەشی خنکاندبێت و دواتر بۆ هەرڕەشە لەنێو تەنەکەی زبڵی ماڵی باوکی کچەی خستبێ و پاشان پەشیمان بووبێتەوە و بردبێتییەوە ماڵێ و لە یەخچاڵی خستبێ.

کچەکە کە لێی دووگیان دەبێ، پێی دەڵێ دەبێ بمخوازی، دەنا بابم ئاگادار کردووەتەوە کە ئەو منداڵە هی تۆیە و ئەگەر نەمخوازی بابم دەتکووژێ! کچەکە حەفتەیەک بەر لەوەی منداڵەکەی ببێ چووبوو هەمووشتێکی بە ژنەکەی گوتبوو و

کابراش کە بە پارەی ژنەکەی دەژیا و قومار و خێرپیگەریی پێ دەکرد، کە ئەوە دەزانێ، دەچێ کچەکە (قلەکەی) بە فێڵی خواستن دەبات بۆ جێیەک کە بیکووژێ؛ کەچی منداڵەکەشی لەو دەمووەدەستەدا لەدایک دەبێ. ئیدی دوای ئەوەی ژنەکەی دەکووژێ و منداڵەکەی دەخنکێنێ و لەولا لەسەتڵی زبڵی دەریدێنێتەوە و دیباتەوە ماڵێ و دەیخاتە یەخچاڵەکەیانەوە. تووشی ئەم بەزمە دەبێ: "بۆ گەڕایتەوە ها؟ کێ بە تۆی گوت بیتەوە؟"

- پێم بڵێ بزانم ئەمە چیە لەم ماڵەدا؟

ـ ئەوە چارەنووسی تۆیە!

ـ ئێستا زەنگ بۆ پۆلیس لێ دەدەم!

ـ گوو دەخۆی، بجووڵێی دەتکووژم!

ژنە جووڵا و کابرا بە گوڵدانێک کێشای بەسەری ژنەکەی دا و کوشتی. لەو کاتەش دا کچە گەنجەکەی منداڵەکەی لە ئامێز گرتبوو و وەک منداڵە مردووەکەی سەردەمی منداڵیی یاریی پێ دەکرد.

لەپڕ کابرا خوێن دەیگرێ و دەچێ دەمانچەکەی دەدۆزێتەوە و فیشەکێک بە مێشکی خۆیەوە دەنێ و خۆشی دەکووژێ. ئەوە کچە گەنجەکەشی هەروا شێتانە ئەو منداڵە مردووە لە ئامێزیدا ڕادەژێنی و یاری پێ دەکات و ماچی دەکات.

کابرا لە ڕاستیدا بەهۆی ئەوەی تازە پارەی ژنەکەی لەدەست چووبوو و قومار و خێرپیگەرییەکانی کۆتایی پێهاتبوو خۆی کوشتبوو، نەک لەبەر ئازاری ویژدان و شتی وا.

لەپڕ دەنگی گریانی منداڵەکە لە باوەشی کچەگەنجەکەدا بەرزبووەوە.

شەقێک لە کێشەی لۆژیکیی چیرۆکەکە هەڵدەن، زیندوو کردنەوەی منداڵەکە گرنگترە لەو لۆژیکە قۆڕانە!

▪ نوسینی هاوبەشی: ناسر فەتحی – دابان عەتار ـ سەدەف فرووغی



Michael Hamalainen

**"گووسەر"**

پێی گوتم: "مرۆڤێکی بێهەستی وەک تۆ دەبوایە لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا دادوەر بوایە و ڕۆژانە مەرگی هەزاران مرۆڤی بێتاوانی واژۆ بکردابوایە." هەروەها گوتی: "دەکرێ نووسەران لە ڕووی نووسراوەکانیانەوە بناسی؛ زمانێکی زبر و ڕەق و ویشکی خاڵی لە هەستت هەیە! من تۆم هەموو کاتێ بەو شێوەیە دیتووە؛ پێداگر و دەمارگرژ! دەمارگرژ دەزانی؟! ئەمەش بۆ گووسەرێکی وەک تۆ هیچ باش نییە!"

- گووسەر؟

- چییە؟ خۆ لە گەڵ وەزیری ڕۆشنبیری قسە ناکەیت! ئیتر ئامادە نیم، ئەم پەیوەندییە سارد و سڕەمان درێژە پێبدەم!

- پێوەندی یان هاوڕێیەتی؟

ئیتر هەستا هات لەبن گوێم گوتی: "گووسەر!" ئینجا قاقایەکی گورچووبڕی کێشا! باوەڕم نەدەکرد. هەستم دەکرد تەواوی دنیا بەسەرمدا ڕووخاوە. یانی هیچ کات خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و بێگەرد لەنێوانماندا نەبووە؟ هەمووشتێک دەمامک بوو؟ یان ئەو قسەیەشی دەچووە چوارچێوەی زمانە زبرە هەمیشەییەکەیەوە؟ ئەو زمانەی کە هەمووجارێ دەیگوت: "زمانی من بۆ ئەوەی بونیات بنێ، دەبێ بڕووخێنێ!" یانی من ڕووخابووم تا جارێکی دیکە بنیات بنرێمەوە؟ باشە بۆ لەبەرچاوی ئەوهەموو خەڵکە؟ دەیهویست بە بەکارهێنانی وشەی پێوەندی ئاشکرای بکات کە ئێمە پێوەندیی خۆشەویستیمان هەبووە؟ ئەی ئەو پێکەنینە دێوەزمە ئاسایەی لە کوێوە هێنا؟ تۆ بڵێی بەهۆی ئەوەی گوتم هاوڕێیەتی، بۆ ئەوەی پێمان نەزانن خۆشەویستیمان کردووە، پێم پێنەکەنیبێ؟ یان تۆ بڵێی پێی کەسێکی دیکە لەگۆڕێد نەبێ؟ ماوەیەکە زۆر لەگەڵ تروسکە پێدەکەنێ؟ ئەگەر وابێ دەبێ جگە لە خۆم لەمە بەولاوە خەمی تروسکەش بخۆم! نابێ بهێڵم تروسکەش وەک من بەکەر بزانێ! ئەمن لەپێناوی ئەوەی ئەو جیاوازە هەموو هەڵسووکەوتێکیم ئاسایی دەبینی، بەڵام وادیارە من گەمژێنرابووم، نابێ بهێڵم تروسکەش بگەمژێنرێ! من بەهۆی ئەو ڕووداوە ترسناکەی بە منداڵی دیتبووم، خۆم نەدەدا بە دەستەوە! بەڵام کێ دەڵێ تروسکە یەکسەر خۆی نادا بەدەستەوە؟ ئەویش بۆ نووسەرێکی دیاری وەک ئەو کە هەموو کچێک بە ئاواتییەوەیەتی!

بۆ ماوەیەک هەڵسووکەوتی ئەوم لەگەڵ ترووسکە خستە ژێر چاوەدێریێ، ئەم شک و گومانەم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو بەڵام ئەو لەوە زیرەکتر بوو بکەوێتە داوەوە! هاوکات پەیوەندیشم لەگەڵی بە تەواوی نەدەپچڕاند و وام دەنوواند کە هەموو شتێک ئاساییە. ماوەیەکیش ویستم وەک خۆی هەڵسووکەوت بکەم و بە شێوەیەک خۆمی لێ دوور بگرم یان لانیکەم نازی بەسەردا بکەم! بۆ ئەوەی بزانم تا چ ڕادەیەک منی بۆ گرینگە؛ جیا لەم هەوڵانەم کە خەریک بوو بۆم دەبوو بە گرێ کوێرەیەک و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بە خۆیەوە خەریکی کردبووم، لە ناکاو شتێک بە زەینم گەیشت؛ ئەکانتێکی تر بکەمەوە و بە ناوێکی نادیارەوە پەیوەندی پێوە بکەم! دەزانی چۆنە؟ وەک قومارکەرێکم لێهاتبوو کە دۆران بۆی ئاسایی بووە بەڵام ڕێگایەکی سەختم لەپێش بوو چونکە ئەو ئاوا بە سانایی خۆی بە دەستەوە نەدەدا ئیتر ئەوەم بیر چووبووەوە کە لەوانەیە خۆشم بوێ. تەواوی زەینم بە ترووسکەوە خەریک بوو کە نەکا ئەو کاتانەی ئەو وڵامی من ناداتەوە لەگەڵ ترووسکە خەریکە؟ تا ئەوەیکە شەوێک بە ڕێکەوت پەیامێکم بۆ هات کە تەواو ڕووخام: "تۆ هەرگیز ناتوانی تێبگەی، من نووسەرێکم کە دەبێ جێپێ بۆ مرۆڤگەلێکی نوێ لە ژیانم بکەمەوە، تۆیش دەبێ هەمان ئیشی من بکەیت، ئەگەر بێتوو نەیکەیت، ئیشت هەمووکات لەنگ دەبێت. ئێمە ئەبێ خۆمان لەم یاسایە دەرباز کەین؛ یاسای"یەکێ بۆ یەکێ" تێدەگەیت؟ ژیان ئەوە نییە تۆ باسی دەکەیت، تۆ دەبێ ژیانت بنیات بنێییەوە؛ ئەمڕۆم لە گەڵ ترووسکە درووست دەکەم، سبەینێم لە گەڵ تۆ! تۆیش بۆ ئەوەی بمێنیتەوە دەبێ وابکەیت، دەنا دەڕووخێیت. ئێستا ترووسکە بووە بە مرۆڤێکیتر، ئەو ئێستا گورگە! بەڵام تۆ هەمیشە دەتهەویست سەگ بمێنیتەوە، سەگێکی وەفادار، منیش ئەوەم ناوێ. من مرۆڤی گورگ شێوەم لا خۆشەویستترە، چونکا هەموو کات یاخی و سەرکێشن. ئێستا من کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکەم تەواون! تۆیش بوویت بە کەسێکی عاشق! چونکە عەشق خیانەتی دەوێ"

مۆبایلەکە لە دەستم بەربووەوە. هەمان ڕووداوە ترسناکەکەی سەردەمی منداڵیم وەبیر هاتەوە، بەڵام ئەو کات دایکم بۆجاری دووهەم بە منەوە دووگیان بوو!

- چیرۆکی هاوبەشی: شەرمین ساڵحی - ناسر فەتحی – فەرهاد ساڵەحیفەر



Edward Beukes

## "کەتە کتێب"

سەرمایەدارێک، ڕێکلامێکی لەم شێوەیە بڵاو دەکاتەوە: "هەڵی کار/ پێویستمان بە سەت کرێکار هەیە. جۆری کار: تەنیا کتێب خوێندنەوە. ماوەی کار: سەعات هەشتی بەیانی تا سێی دوانیوەڕۆ. حەق دەست: بە دووقاتی کرێکارێکی ئاسایی."

تێبینی: ئەو کتێبانەی بۆ خوێندنەوە بە کرێکارەکانمانی دەدەین، بۆخۆمان هەڵیان دەبژێرین."

کاک سەربەست یەکێک لەو کەسانە دەبێ کە لەو کارگای کتێب خوێندنەوەیەدا دادەمەزرێ. بەر لەوەی دامەزرێ، کە ئەو ڕێکلامەی بە دارودیوارانەوە دیت، سەری سووڕما، دواتر پێکەنین دایگرت: "ئەوە چ سەرمایەدارێکی سەرلێ شواوە؟ سەرمایەدار و کتێب خوێندنەوە! سەرمایەدار و پووڵ لە کتێب و خوێندنەوە خەرج کردن؟ چما کاریتەی بەلاشی دەست نەکەوتبێ؟!"

ئەو پرسیارانە و سەدان پرسیاری دیکە سەرلەبەری هۆشی داگیرکردبوو و، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بدۆزێتەوە ناچار ڕۆیشت و نێوی نووسی: "تیرێک و دوو نیشان؛ هەم شتێک دێ دە گیرفانی پڕ لە ئەسپێمەوە، هەمیش شتێک دەخوێنمەوە!" دوو نیشانەکە لەم وڵاتەدا لەمێژ بوو وەک دوو چاوی ساغ بۆ کوێر، ئاواتی کاک سەربەست بوون. لە گەڵ ئەوەشدا لە سەر خۆی ڕا، دڵی بە "ڕێباز"ی هاوڕێی سووتا و، دوای دامەزرانی خۆی، وەکوو یەکەم کەس، شانی ڕێبازیشی نایە بەر ئەرکی خوێندنەوە.

کاک جەماڵی باوکی سەربەست بە گشتی نەک هەر خوێندنەوەی پێ کار نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ هەرجۆرە خوێندنەوەیەک ناکۆک بوو. کاک جەماڵ کە خۆی کەش کلاسی قەدیمی خوێندبوو، لەسەر ئەو باوەڕەبوو: "هەر جۆرە خوێندنەوەیەک مرۆڤ دەبەستێتەوە و جۆرێک ئایدئۆلۆژی و باوەڕمەندی بەسەریدا زاڵ دەبێت و دواتر دەکەوێتە داوی کۆڵێک کۆنە ڕاوچی و هزر و بیری خۆڕسکی دەدۆڕێنێت. کوڕم بەو ناوەی پێی نێودێر کراوی [کە هەر وا بە دەم باوە نەهاتووە] یەکەم قوربانیی خوێندنەوە، خوێنەرە و؛ باش بزانە ئەم ڕیشەم لە ئاشی دا سپی نەکردووە".

حەوتووی یەکەمی خوێندنەوە تایبەت بوو بە کتێبە سەرە تاییەکانی ئایینی و ناسینی ئاوی خاوێن و خۆ خاوێن کردنەوە و، چۆنیەتی نوێژ و ڕۆژو و حەج و... دواتر کتێبگەلێک سەبارەت بە بانگەشە بۆ ئایین و جیاوازی نێوان باوەڕمەند و بێ باوەڕەکان و، دۆزەخ و بەهەشت و ڕۆژی پەسلان.

لە مانگەکانی دواتریش مێژووی ئیسلام بە تەسەلی و، بە پێی بەڵگە کۆن و نوێیەکانی بەر دەست. لە بەشی دووهەمی ساڵدا هەرچی بۆ خوێندنەوە دیاری دەکرا سەبارەت بە جیهاد و، ئەرکی مووجاهید و پلەی شەهادەت و گیان بەختکردن بوو. هەروەها پێویستی و چۆنیەتی جیهاد و پێناسە و دیاری کردنی ئەوانەی وا خوێنیان ڕەوایە و بگرە کوشتنیان بەختەوەرییە.

لە ساڵی دووهەم ڕا هەرچی کتێب و بابەتەکان ئاڵۆز و پێچەڵاو پووچتر دەبوون، هۆگری و تەنانەت ئاڵووگۆریان لە ڕواڵەت و خوو و خدەی کاک سەربەست دا بەدی دێنا. هەر لەو ساڵە دا و دوای لە کۆڵ دەر هاتن و لێهاتویی جگە لە چوونە سەرێی داهاتی مانگانەی کاک سەربەست کە ئیتر ببوو بە "عەبدوولواحید جەماڵ" ئەرکی دیاری کردنی بابەت و ڕێنوێنی کرێکارە نوێیەکانی کارگەی دێتە ئەستۆ. کاتێک بە فەرمی لە لایەن باوکێوە بێ بەری دەکرێت، لە کورتە نامەیەکدا بۆی دەنووسێت: "بابە بە هیوای چوار دیوارییەکی دەستی تۆ بووم. خۆشحاڵم بێ بەری کردنەکانت خولیای چواردیوارییەکی گەورەتری لەلا درووست کردم. کە زۆر لە چواردیوارییە بێنرخەکەی تۆ مەزنتر بوو، چوار دیواریی خودا، پێغەمبەر، قورعان، جیهاد."

دوای ئەوەی دەفتەری بیرەوەرێکانی "عەبدوولواحید جەماڵ" هەڵدەدرێتەوە دەردەکەوێ، "کەژاڵ"ی ژنی بەهۆی ملکەچ نەبوونی بە ئایینی پیرۆز، بۆخۆی کوشتوویەتی و، کچە دوازدە ساڵانەکەشی بۆخۆی بردبووی بۆ خەباتی نیکاح دابووی بە برایانی دینی، چوونکە ئەویش وەک دایکی توخمی کوفری تێدابووە و نەچووەتە سەر ڕێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام. لە دەفتەرەکەیدا دەرکەوتبوو، ڕێبازیش هەر خۆی کوشتوویەتی، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕێباز، کتێبەکان هیچ کاریگەرییان لەسەر دانەنابوو و تەنیا پارەی مانگانەی خۆی وەرگرتبوو و، دواتر بە تاوانی باوەڕ نەهێنانی بە جیهاد؛ لەڕوانگەی ئەوەوە سنووری تێپەڕاندبوو و ملی پەڕاندبوو. دوای ئەوەی هێزە پێشکەوتن خوازەکان و شۆڕشگێڕەکان، لاشەی چڵکن و هەپروون بە هەپرونی عەبدوول واحید جەماڵ دەبیننەوە، کوتە کاغەزێک لە گیرفانی دا دەبیننەوە کە تێیدا، ئادرەسی دۆزینەوەی دەفتەری بیرەوەرییەکانی تێدا نووسرابوو و، لە کۆتاییشدا نووسرابوو؛ "واژۆ: سەربەست جەماڵ"

▪ نووسینی هاوبەشی: ناسر فەتحی – هیوا بەیرامی – ڕەحمان جەنگ




Robert Wicklund

## "پۆرترێتی وەحشی"

قەڵەمەکەم دەتاشمەوە بەهیوای ئەوەی ئەمجارەیان کارەکە تەواو بکەم. ئەوە چەند جارە وێنەی ئەو پیاوە سەر لووسە دەکێشمەوە کەوا وێنەیەکی بچوکی پێناسەکەی پێدابووم لەڕووی بکێشمەوە. هەرچی دەکەم وەک خۆی دەرنایە. هەرکە دەست بەکێشانەوەی دەکەم، لە پڕ خەیاڵێکی قوڵ دەمباتەوە بۆ نادیار. کە دوایین هێڵەکانی وێنەکە دەکێشمەوە دەبینم، وێنەیەکی جیاواز دەرچووە. ئەوە چەن جارە کارەکەم دەدڕێنم و لەسەرەتاوە دەست پێ دەکەمەوە. پیاوەکە ئەوە دوو جارە سەر دەدات بۆ ئەوەی بزانێت وێنەکەیم تەواو کردووە یان نا؟ نازانم خەتای منە، یان سێحرێک لەو وێنەیەدایە کەوا وەک خۆیم پێ دەرناچێت؟! کاسپی ئەمڕۆشم چوو، ئێستا دەبوایە لانیکەم دە وێنەی دیکەم تەواو کردبوایە. وێنە کێشانەوە لە ولاتێکدا کە نرخی کارێکی هونەریی بە کیلۆیەک تووریش ناپێون، خۆ بەکەر زانینە! تۆ بڵێی هۆکاری ئەوەی ئەم کابرا سەر لووسەم بۆ دەرناچێ بۆ ئەوە نەگەڕێتەوە، کەوا هێندەیان پێ گوتووم وێنەکەت لە ئێمە ناچێ و ناچاریان کردووم بەدڵی خۆیان بیانکێشمەوە، نەگەڕێتەوە؟ یانی بڵێی ئاوزم پێچەوانە بووەتەوە؟ یان ئاوزم ئەوەی دەبێ ببینێ چیتر ناتوانێ ببینێ؟! ئەورۆژە یەکێک هاتبوو لووتی پێ قوڵە کردمەوە، گووپە قوپاوەکانی پێ هەڵدامەوە. سمێڵە بەرێکەوت سەقەت کراو و تراشاوەکەی بە من چاک کردەوە. چاویلکەی پیاو ماقووڵانەی پێ کێشامەوە. یەکجاری کاری سەرتاشخانەکەشی بە من ڕاپەڕاند. مرۆڤ کە ڕۆژانە تووشی شەش حەوتێکی وا بێت، چۆن ئاوزی پێچەوانە نابێتەوە؟! ئەم پیاوەش منی شێت و هار کردووە؛ نازانم بۆچی هەرچی دەکەم وەک خۆیم پێ دەرنایە و، شێوەی تێکەڵێک لە خۆم و مەیموونی لێ دەردەچێ؟!

ئەو سەرە لووسەی، وەبیر ئەو کابرا پیرەی سەردەمانی منداڵیمم دەخاتەوە کە لە شاییی براگەورەکەم دا، کەمانچەی لێدەدا و منیش دەمکێشاوە. نازانم بۆ لەخۆڕا دەڵێی دەیناسم، هەست دەکەم لەجێیەک دیتوومە. هەست دەکەم پێی قەرزدارم! هەموو جارێ کە وێنەکەی دەکێشمەوە نازانم بۆ چاوی ڕاستەی خێل دەردەچێت! پێموابێ هەر ئەم کێشەیەشە ناهێڵێ وەک خۆی دەربچێ. ئەسڵەن من کێشانەوەی پۆرترێتی ئاوام پێ خۆش نییە کە نەفەرەکە هەر ملیوانی کراسەکەی لە وێنەکە دا دیار بێت. دەبوو وێنەیەکی بۆ هێنابام، لانی کەم تا شانی دیار بایە! هەڵبەت با ئەوەش بڵێم، من هەمیشە حەزم لە تەواوفیگۆڕ ی مۆدێلەکانم بووە. هەست دەکەم، ئەگەر

دەستی مۆدێلەکەم لە وێنەکە دا دیار بێت لە نووکی قامکەکانییەوە ڕەخنە دەکەمە ناو جەستەی و تێکەڵ ڕۆحی کەسایەتییەکەی دەبم! ئەی چی لەو لووتە قەپۆز برانییەی بکەم؟!

وەک دواین جار، هەوڵێیکی دیکەی لەگەڵ دەدەمەوە؛ گەر نەمتوانی بیکێشمەوا، ئیتر خۆمی پێیوە ماندوو ناکەم. چش لە گۆشتی کەروێشک و بۆتسی تاجی!

هست دەکەم لەبەردەم چایخانە کولتوورییەکەی بازاڕ جارێکی دیتوومە دوو ـ سێ قوونووکە جگەرەی هەڵ گرتووەتەوە و کێشاویەتی؟ ئێستا من بەم قسانە خەریکم خۆم لە چی دەدزمەوە؟ ئەوەی لێرەدا جێگەی سرنجە و تەنانەت مرۆڤ شێتیش دەکات ئەوەیە، بۆ ڕوخساری من و مەیموون پێکەوە لەبری ڕوخساری کابرا لەسەر کاغەزەکە دەردەچێ؟

ـ ئەرێ برا وێنەکەی منت تەواو نەکرد؟

ـ با برام فەرموو!

ـ جا ئەوە بۆ منم برام؟ ئەوە وێنەی باپیرمە!

ـ باپیرت کێ؟

ـ پێوەندیی بەتۆوە نییە!

پۆرترێتەکەی باپیریم پێدا و، پارە پێشەکییەکەیم پێداوە و، جگەرەیەکم لێ وەرگرت و کابرام بەڕێ کرد و خۆشم چوومەوە ماڵێ.

کاتێک جلەکانم دادەکەند پۆرترێتەکە لە گیرفانم دابوو.

▪ چیرۆکی هاوبەشی: جێگر بەختیار - ناسر فەتحی - بێژەن ڕەحمانی



Carlos Cáceres Lavergne

## "سەرسام"

گریویان کردبوو; بەو چلەی زستانە, نیوەشەو بچێتە قەبرانەکەی پشت بووزان و سینگەکە لە نێوەڕاست قەبران دا, داکوتێ و بێتەوە. تاریکەشەوێکی سامناک بوو; چاو هەتەری نەدەکرد. دەنگی کوندێک لەسەر زێدەدیواری کەلاوەکەوە دەهات. نەیدەوێرا سەری هەڵێنێ. پاشەوپاش کشایەوە. لاقی لە ڕەگی دارەبووزێک هەڵەنگووت و پشتاوپشت بە عەرز دا کەوت.

بۆ چەند چرکەیەک لەو تاریکییەدا هیچی نەدەدیت. هەموو شتێک ئاسایی بوو; تا ئەو دەمەی زایەڵەی دەنگێک لەو نزیکانە بەرگوێی کەوت. بە مەزەنە زانی دنگەکە لە پشتەوەڕا دێت. بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە هێدی هێدی خۆی کۆ کردەوە و لە چاوترووکانێکدا هەستا و هەڵات.

پاش ئەوەی دوور کەوتەوە و هێندێک هێور بۆوە; بۆ چرکەیەک ڕاوەستا. ئاوڕێ داوە چاوێکی بە گۆڕستانەکەدا خشاند; تەنیا پەردەیەکی ڕەشی سامناکی هاتە پێش چاو. هەروا ڕاوەستا بوو; مەرجەکەی کەوتەوە بیر. گەمە و گاڵتەی سبەینێی دۆستانی هاتە پێش چاو, لە ناکاو بەرەو قەبرستان گەڕایەوە. هەنگاوەکانی خێراتر کرد. وەک ئەوەی ئەننەهوو ئەو کەسەی چەند خولەک پێشوو نەبێ و ترسی ڕژابێ; خۆی گەیاندە نێوەڕاستی گۆڕستانە تاریکەکە. سینگەکەی بە پەلە لە عەرزی کوتا. هەستا بڕوا; کەچی کەوتەوە عەرزی. بۆ دووهەم جار هەستاوە ئەۆ جارەش کەوتەوە; وەک ئەوەی بە دە کەس بیکێشن بۆ لای خۆیان. ترس تەواوی لەشی داگرت. وەک مێوژۆکە دەلەرزی. دڵی توند توند لێیدەدا; لەوانە بوو سییەکانی بپچڕێن. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:" ت ت تکایە چاکی بووووووزان, ئەم جارەم لێگەڕێ; کارم زۆرن; دواتر دێمەوە خزززززمەتتان!" بۆ سێهەمین جار هێزی نایە بەرە خۆی, بەڵکوو ڕزگاری بێت. هەستایەوە; ئەو جار بە توندی لە عەرزدرا و چاوەکانی بە مۆلەق وەستان! فیکەی کوندە بەبووی سەر زێدەدیواری کەلاوەکە, بێ دەنگیی گۆڕستانی کڕ و کپی, بۆژۆ کرد!

شێرکۆ چوار پەلی ڕاکێشابوو. پاتۆڵەکەی تەڕ ببوو. میز لە ژێرییەوە شۆڕاوگەی بەستبوو. زمانی دەرکێشا بوو و چاوە بە مۆلەق وەستاوەکانی قەتیس مابوون!

بەیانی زوو خێزانە دووگیانەکەی شێرکۆ, منداڵەکەی بە حەوت مانگە بوو. ڕۆحی سەرسامی شێرکۆ چیبووە ناو جەستەی سامیاری حەوت مانگەزاو. شێرکۆیەک کە سینگەکەی لە ئاتەگی چاکەتەکەیەوە داکوتابووە عەرزی!

**▪ بە هاوبەشی: بیژەن ڕەحمانی - موحسین سوبحانی - پەروین شێخی**



Damien Tachoires

## "تمایشی کووشتنی بەبەغا"

ـ تەنیا لەگەڵ خۆم دەگەڕام!

ـ بەڵێ، تەنیا لەگەڵ خۆم دەچوومە قاوەخانە ، سینەما ، سەفەر ...

ـ هەستم دەکرد ساڵانێکە لە خۆم دوورم.

ـ بەوەی کە خۆم دۆزیبووەوە زۆر خۆشحاڵبووم!

ـ چاک بە خۆم ڕادەگەیشتم.

ـ دوایین جار ویستم بچمە سەفەر بە یادی ساڵانی پێشوو کۆتێکی درێژ و کولاوێکی ڕەشم کڕی، وەک کابرای نێو فیلمەکە بە لاری لەسەرم کرد، خەتی سمێڵم بڕێک هێنایە خوارتر.

ـ دەزانی پێکەنینم بە خۆم دەهات؟ دەتگوت ڕۆڵی درامایەک دەگێڕم، کە هەمیشە حەزم لێی بوو...

ـ تەنانەت گوێم بە تەرک کردنی جگەرەش نەدا. ـ پاکەتێکی وێنستۆنم کڕی و هەر لە شەمەندەفەر دابەزیم، جگەرەیەکم داگیرساند. هاتبووم تەواوی ئەو ساڵانە بەسەربکەمەوە، کە لێرە بە هەدەرمدابوون.

ـ تاکسییەکم گرت و بەرە و ئەو ماڵەی تەمەنێکم تێدا بەسەر بردبوو، بەڕێ کەوتم. حەوشە گەورەکەی جیا لە من ماڵی چەند کەسی دیکەشی بەسەرەوە بوو.

ـ دووەم جگەرەم داگیرساند.

ـ چەندینجار لەبەر پەنجەرە قورم گرتووەکەی سەڵتەماڵان دانیشتبووم.

ـ بووبووم بە ساقی خۆم و لووس لە گەرووم کردبوو.

ـ چاوم لە دارتووەکەی نێو حەوشە بڕیبوو.

ـ ئەو کۆڵانانەی نیوەشەوان بەلارەلار پێیاندا دەڕۆیشتم و لە بەرخۆمەوە گۆرانیم دەگوت، هاتنەوە بەرچاوم.

ـ جگەرەی سێیەم داگیرساند.

ـ لەبیرمە دوای سێیەم پێک، کە خواردمەوە قەڵەم و کاغەزەکەم هێنایە بەردەستم، دەبوو بۆی بنووسم.

ـ جگەرەی چوارەمم داگیرساند.

دیسان کۆخیمەوە، بەڵام چ باکیکم بە کۆخین نەبوو!

ـ لە خواردنەوە و نووسین بەردەوام بووم.

ـ کابرای نێو فیلمەکەش بە هەمان شێوە!

ـ ئەوەندە تەماشای ئەو فیلمەم کردبوو، تەنانەت دەمزانی لە خولەکی چەند کاراکتەرەکە بە چ شێوەیەک هەناسە هەڵدەکێشێت.

ـ دەبوو دوای دوو خولەکی دی دەست لە نووسینی نامەکە هەڵگرم، دێرێکی کاریگەری لێ بخوێنمەوە، دواتر بچمە سەر ئەو مێزەی چەند ڕۆژێکە لە ناوەڕاستی ژوورەکەم داناوە، بە شەقێک کتێبەکان فڕێ بدەم، ملم بخەمە نێو ئەو پەتکەی بە شیشی پانکەکەمەوە کردووە.

ـ بە پێی فیلمەکەبێت، نزیکەی پازدە خولەکی دی تەرمی من و تەرمی کاراکتەری سەرەکی فیلمەکە لە دوو شوێنی جیا بە هەمان شێوە بە بەحەواوە دەبن.

ـ پەرداخەکەی بەردەمم بە دیواردا کێشا، دیوارەکە سووربوو!

ـ بتڵەکەم بەسەرمەوە نا، چاوانم تاریک داهاتن، هێلنجم دا، بتڵەکەشم فڕێدا.

ـ پەڕەکەم بەرزکردەوە و هەڵسامەوە.

ـ ئەویش پەڕەکەی بەرزکردەوە، دێرەکەی خۆی بە دەنگی بەرز خوێندەوە، هی منیش هەمان دێر نووسرابوو، بۆیە لێوەکانم جووڵاند و هیچ دەنگێک لە دەممەوە دەرنەچوو.

ـ چوومە سەرمیزەکە و پەتەکەم لە ملم توند کرد.

ـ گوێم لە دەنگێک بوو، لە نێو تەلەفزیۆنەکەوە هاواری دەکرد:

ـ هێی کابرا! ئەوە چی دەکەی؟

ـ پەتەکەم لە ملم کردەوە و بە سەرسووڕمانەوە وەڵامم دایەوە:

- خەریکم خۆم دەتۆپێنم!

- کاتێک ئەو قسەیەم کرد، دەمم داپچڕی بوو، چاوانم زەق بووبوونەوە و لە کاراکتەرەکەیان دەڕوانی.

- تفووو! بە نەفرەت بی! بۆ لێناگەڕێن مرۆڤ بە ئاسوودەیی بمرێ؟

- ئەی تۆ بۆ لە من ناگەڕێی؟

- من لێت ناگەڕێم، یان ئەوە تۆی حەفتەیەکە بە دیار خۆکوشتنی منەوە دادەنیشیت و ئامادەسازی دەکەیت، تاکوو لاساییم بکەیتەوە.

- ڕاستی دەکرد، بەڵام بڕیارم دابوو ئەمجارە نەهێڵم ئەو خەیاڵاتانە بەرم بگرن و لە ئەنجامدانی کارەکە پاشگەزمکەنەوە.

- دەستم بۆ پەتەکە برد و سەرم لێی نزیککردەوە.

هاواری کرد:

- هێی کابرا! ئەوە چی دەکەیت؟ ڕاوەستە بزانم. - لە شاشەی تەلەفزیۆنەکە نزیکبووەوە.

- تەماشای چاومی دەکرد.

- ترس بە ناخمدا ڕۆچوو!

- زللـەیەکم لە ڕوومەتی خۆم سرەواند، بەڵام بەئاگا نەهاتم، لە خەیاڵ نەدەچوو!

- پەنجەی لە شێوەی دەمانچە بەرانبەرم ڕاگرت. - قاقای شێتانەی لێدا!

- دەنگی فیشەکێک بەرزبووەوە.

شاشەی تەلەفزیۆنەکە شکا.

- گەرماییەک لە سینگمەوە چووە ژوورەوە.

- بەربوومەوە!

- چیرۆکی هاوبەشی: دابان عەتار - هیوا بەیرامی – فەرهاد ساڵەحیفەر



Lucas Guerrini

## "تەڕاویلکە"

ئێوارەی هەینییە و بۆنی قاوە و جگەرەیەکی داگیرساوە بە کۆخەکۆخت دەخات. لەو دیو ڕۆژنامەیەکی وادە بەسەرچوودا، چاوت لە چاوی بڕیوە و بە بنی فنجانێکا، تا پێکەنینی قووڵ سەفەر ئەکەیت. ئێوارەی هەینییە و لوول دراویتە سەر وشەکانی و تا دەمی ئاوابوون دەڕۆیت. دەڵێی ڕاکە پەپووەکان هاتوون، ئەبێ ئەم ئێوارەیە، کۆڵێک پەپوو کۆ کەینەوە. ئاگادار بە! تون نەیانگووشی ئێشیان دەگات! دەڵێم کوا پەپوو گیانی هەیە؟ ئەوان درووستکراوی با"ن و هەواڵی پاییزیان پێیە. بەڵام دەڵێی با"یش، وەک دار، وەک بەرد، وەک ئاسمان، گیانی هەیە؛ دەڵێی مانگ و خۆر و تەنانەت ئەستێرەکانیش گیانیان هەیە! بڕوانە با" چەندە ئاشقە، چۆن یاری بە پەردەی ژوورەکەت دەکات! دەڵێی خۆزگە با" لە گەڵ منیشا یاری بکات، تا بەر ببمەوە بۆ نێو باوەشی و بە سەرپۆشێکی پەمەیی و کراسێکی گوڵگوڵی بەنەوشەییەوە، بە ڕاکردن بە سەر قۆرت قۆرتی کۆڵانەکەی منداڵیما، پەپووەکان کۆ کەمەوە. دایکت دەڵێ: کاتێ هاتی، میرووڵەکان خەریک بوون باریان دەکرد، دەڵێی، ئەرێ بە ڕاست تۆ لە دایک بووی کام وەرزی، کە لە خەونەکانمدا باران تەڕت ناکات؟ هێشتا باران داینەکردبوو کە نیگات لە پەپووەکان هەڵگرت و دات بە هەنارەکانی دراوسێ. دەڵێی دەزانی مێرووڵەکان چیتر گازم لێ ناگرن؟ ئەوان ئەم ئێوارەیە بۆ هەمیشە دەڕۆن، تۆیش بیر لە جادە دەکەیتەوە و ڕەنجی سەفەر..." جادە ڕەنجە و سەفەر ژەمێکی ناوەخت! ژەمێک تێر ئەگەر نەگریم بە ڕێگادا...!

پەنجەرەکە پێوە دەدەیت، پەردەکان بێهۆش کەوتوون و جوڵەیان لێوە نایەت، کۆخە وشکەکانت ئەم جار لە کۆڵت نابنەوە و تا دەسشۆرەکە ڕاتدەکێشن، ئاوەکە مەیلەو سوورە و بە دەسشۆرەکەدا دەچێت. بۆ ساتێک لە ناو ئاوێنەکەدا ڕووخساری شڵەژاوی خۆت دەبینی، بە ڕاست تۆ چیت لە من دەوێ؟! من بە ئەژماری هەزار و یەک ئێوارەی هەینی هەوڵم داوە چیتر بیر لە ڕابردووم نەکەمەوە. سەرت بە شانی خۆت دا لار کردۆتەوە و لە هیچ وێستگەیەک تاقەتت نیە دابەزی، هەرکاتی سوار بوونیش نەتدەزانی دەچیتە کوێ! بۆ ساتێک لاجانگت لە ژێر کەلوە بەفرەکاندا دەتەزێ و تا چاوت دەکەیەوە لە سەر کورسی کافەیەکدا دانیشتووی، لەبیرتە یەکەم جار 'ئیسپرسو'یەکمان لەم کافەدا خواردەوە؟ لە ناو ئاوێنەکەدا خەریکە دەبیتە هەڵم! بە دوای ڕەشێنەی چاوەکانتا دەگەڕێی کە تا دێت کاڵتر دەبنەوە "چاوەکانت لە ڕەنگی بەفری تازە باریوو دەچن! "تۆ یان شێتی یان

ئێمە بە شێت دەزانی ئەوە مانکەنە و تایبەتی ناو ویترینەکەمانە بۆ فرۆشتن نیە ئەگەر دەتهەوێ با ناونیشانت دەمێ بچۆ لەو کارگەیەی ئەمانە دروست دەکەن بیکڕە" لە پشت شووشەکەوە ماچت بۆ هەڵدەدا و دڵنیات دەکرد کە دیسان دەگەڕێیەوە بۆ لای... "ئەلۆ... بۆ جواب نادەیەوە دوو ڕۆژە هیچ خەبەرت نیە خەریکە نیگەرانت دەبم چاوەڕوانم پەیوەندیم پێوە بکە"

تەواوی خڵت و خوێنی ناو گەرووت ڕۆ دەکەیە ناو دەستشۆریەکە لوێچێک ئاو بە هەڵمی ئاوێنەکەدا دەدەی.

چاوت لە بن میچی دیوەکە بڕیوە کە پەرەستارەکە دێت و خەریکی گۆڕینی سرۆمەکەت دەبێ بۆ ساتێک پێش چاوت سپی دەبن وەک بەفری تازە باریو هەست دەکەی لەناو دەریایەک شیردا خەریکی خنکانی دەکەویتە بیری "کوێری ساراماگۆ" هەست دەکەی بەواقیع کوێر بووی بۆ ساتێک خۆت بە دار و دیواردا دەدەی و پڕ بە گەرووت دەقیژێنی! مستێک لە زەبتەکە دەدەی و تاڵ بە تاڵی شریتەکە پس پس دەکەی! لەناو کۆخە کۆخت دا ئاوازێکی ناتەواو دەنگ دەداتەوە " چ سرێکت لە ناو دڵدا حەشار داوە بە پەنهانی... بە پەنهانی...

▪ چیرۆکی هاوبەشی: شەرمین ساڵحی - فەرهاد ساڵەحیفەر



Miroslav Krejčí

## "مۆتە"

هەورە ڕەشەکان خەریک بوون ئاسمانی شینیان دادەپۆشی؛ تاک و تەرا دڵۆپە باران دەتکایە سەر شیشەی ماشێنەکە. سەیری کاتژمێرەکەی ڕووبەڕوم کرد، چوار کاتژمێری مابوو تاکوو وڵات تاریک بێت. چراکە سەوز ببوو و لێخوڕیم، لە بەر خانوویەکی کۆندا لەو پەڕی شار، ڕاوەستام. هەواڵێک لە هەڤاڵ و ناسیاو نەبوو. سەیرێکی ئەم لا و ئەو لام کرد و ڕۆشتمە ماڵەوە. شتێکی ئاسایی نەبوو، بۆ لە بیر بردنەوەش نەدەبوو. جارێکی دیکە چاوم لێکرد، ڕەنگی سپی سپی هەڵگەڕابوو. زیت زیت چاوم لە چاوی بڕیبوو. دەستی کرد بە گیرفانیدا و کارتەکەی دەرهێنا، جەستەی وەک مقەبای لێهاتبوو. ئەوێم بە جێهێشت و پێم خستەوە سەر گاز. عەقڵ و ویژدان شتێکی خراپن لەم کاتانەدا، بەڵام بەشەر کەی بە عەقڵ و ویژدان بردوویەتەوە؟! جارێکی دیکە مۆبایلەکەم بە دەستەوە گرت و دوایین هەواڵەکانم چاو لێکرد. بەڵام خورپەیەک کەوتە دڵم و زوو وەلام نا. لە خۆم پرسی:

نەکا بۆ خۆی بووبێت!؟

نیگای زۆر ناسیاو بوو بردمیەوە ناو بیر و بڕیارمدا بگەڕێمەوە و دیسان ببینم، لە چوارڕای زانکۆ دەپەڕامەوە ئەو بەر، خەیاڵم لە وەرنەگرتنی نومرەی وانەی ئامار، زۆر ئاڵۆز بوو و سەدان بیر و پرسیار وەک: ڕۆشتمەوە ماڵ چۆن وڵامی بابم بدەمەوە، نومرەم نەهێناوە؟ چۆن تێرمەکەی دی وانەی سەرتر هەڵگرم؟ ئەم ئامارە پێشنیاز بوو، چۆن ...چۆن...چۆن...

لە پڕ دەنگی ڕاوەستانی ماشێنک لە پەنام و لە سەرشەقام وەهای ڕاچەڵەکاندم، کە هەرچی پرسیار بوو لە کەللەم پەڕی، گەر چاوم هەڵهێنا دیتم جەماوەرێکی زۆر لە دەورم کۆ بۆنەتەوە و هەر کەسێک قسەیەک دەکات. یەکیان سپی سپی هەڵگەڕابوو و ئاو بە لێوانیەوە نەماو بوو، هەندێک بڕۆی تێکەڵ و چاوانی کاڵ ببوو و بێ پشوو دەیکووت: حاڵت باشە خانم؟ هەستە با بتبەمە خەستەخانە. کاتێ لە خەستەخانە وەدەر کەوتین ژمارەکەی پێدام و گوتی: یەک دنیا سپاس کە لە لای پۆلیس سکاڵات لە سەر نەنووسیم، نازانم چۆنت بۆ قەرەبوو کەمەوە، ئەمە ژومارە پەیوەندی منە هەر ئیشێکت هەبوو، پەیوەندیم لەگەڵ بگرە دڵنیا بە تا ئەو جێگەیەی لە توانامدا بێ یارمەتیت دەدەم، هەرچەند لەم پێکانەدا بێجگە لە ئێشێکی سووک لە لاقام هەستم بە شتێکی دیکە نەکرد، بەڵام هەندێک دەنگم بە هەناسەبڕکێوە دەردا و خۆم زۆرتر وەشەلین خست و بە تووڕەیی وڵامم داویەوە: جا ئیشی دیکەی چی، لێت داوم و


شەلت کردووم، بڕۆ خودا شوکر کە ڕەحمم پێتداهات و بەخشیتم. نەمزانی چۆن بەم بیرەوەریانە گەییشتمەوە سەر چوارڕاکە و هەرچی ڕوانیم نەمدیت. لە ماشینەکە دابەزیم، هەموو ئەو دەور و بەرەم لێکدا هیچ دیار نەبوو. هیچ کەسێکیش لەوێ نەمابوو، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ و تەنانەت کەسیش لەو ناوە تێنەپەڕیبێت. پڕ بە سیەکانم هەوام هەڵمژی، هەوایەکی فێنک و پاک. دەمەوە کازیوەی بەیان بوو، وتم بڵێی ئەمانە خەون بووبن یان ڕاستی؟

قاقام کێشا و سوار ماشینەکەم بوومەوە چەن کابووسێکی ناخۆش بوو، خودایە شوکرت کە نەجاتم بوو. لەپڕ نووکی چەقۆیەک لە پشتە ملم چەقی. دوو چاوی زیت و ئەبڵەق لە ئاوێنەکەدا دەرکەوتن.

- بێدەنگ بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی پێت دەڵێم.

زمانم لە گۆ چوو بوو. تا دەهات زیاتر نووکی چەقۆکەی لە ملم ڕۆ دەکرد. لە بەر خانوویەکی کۆن لەو پەڕی شار ڕاوەستا. جەستەم وەک مەقەبای لێهاتبوو، دەستم بە گیرفانمدا کرد و کارتەکەم دەرهێنا، زیت زیت چاوی لە چاوم بڕیبوو!

- چیرۆکی هاوبەشی: شەرمین ساڵحی - سارا سادقزادە - ڕەزا فرووغی – حمێرا محەممەد ئەمینی




Carlos Cáceres Lavergne

**"ئاشبەتاڵ"**

کاکە گیان چ زۆرە کچ ئەتۆ بۆ ئاوا خوا لێیگۆڕیوی!؟ وەرە من کچە پوورێکم هەیە دەڵێی دەنکی هەنارە بۆخۆشم بۆت پێدەڵێم.. کوڕە تۆ بۆ خۆت لە گێژی دەدەی و سەرت کردۆتە ژێر بەفر بیللا تەڵلا ساڵێکت لەگەڵ دانانیشی.. دوایی لەسەر ئێمە حیساب مەکە ئەو ژنە دەتکاتە پەند جا ئەو قسەیەمت جوان لەبیر بێ ، ئێستا هیچ نەبووە هامووشۆت لەگەڵ ئێمە کەم کردۆتەوە..

یەک لە دوای یەک قسەیان دەکرد و منیش لەو گوێیەم دەبیست و لە ئەوەی تریان دەردەچوو ، کوڕە دەبڕۆن پیاو کاکە دڵم گرتوویەتی و تەواو خۆشم دەوێ دڵنیام ئەویش منی خۆش دەوێ خۆ کفری نەکردووە پێشتر مێردی هەبووە..

کاکە مێرد کردن خاتری چاوە جوانەکانت سێ مێردی کردوون بە تۆوە دەبێتە چوار ! تازە کەوتۆتە سەر دەور بڕۆ کەیفی خۆتە بەڵام ئەو ڕۆژەمان لەبەر چاوە کە..


ئێمە لە چ سەردەمێک دا دەژین؟ نازانی؟

من پێت دەڵێم، ئێستا ساڵی بەفرە زۆرەکەو تەیارە ڕەشەکە نیە. کاتی بەردەداری ڕەگەزی و چێژ بردنی یەکلایەنەی دەست و مەچەکی ئەستووریش نەماوە. تۆ ناتهەوێ کچە پوورەکەت شوو بکات؟ ئەی تۆ ، تۆش ناتهەوێ ژن بێنی؟

شەرعی تۆ ژن هێنان و تەڵاقی داوە بە تۆ، شەرعی منیش شوو کردن و مارەیی. بە ڕای تۆ کامیان هەڵەن؟ نازانم چۆن هاتبوو بەسەردا، بۆ ئەوەی شەرعیەت ڕیسوا نەبێ هەردووکیان بێدەنگ بوون. ڕووی کردە من، تۆ بە شوێن چی دا دەگەڕێی؟

پێکەنینم هات، سەرم داخست. ڕاست ئەو کاتە بوو وا کابرا دەیهەوێ بڵێ کاکە من گووی بابم دەخۆم گەر بمهەوێ تۆ تەڵاق بدەم و یەکێکی دیکە مارە بکەم. چیم داوە لە مافی چوار ژن هێنانیش! من لە سەر ئەو باوەڕم ژن و پیاو دەبێ یەکسان و بەرابەر بن! لە هەر شتێک ئێوە بیری لێ دەکەنەوە. "ئێستە لەوانە گەڕێ و کەم خۆت کەر کە! هەستە دەڕۆین کچەپووری خۆمت بۆ مارە دەکەم و تۆیش بەشکوو چاوی جوانی ئەو کچە لە بیر بکەی!" هەستە..."

- چیرۆکی هاوبەشی: فەرهاد ساڵەحیفەر – سارا سادقزادە – هێمن ئەمینی



Alexandru Ionita

## "ڕەگاژۆ"

"میرزا" ئیدی ئەو مێر منداڵە تەژە باریکە نێفەک خوار و، سەر لە بەرە خۆیە نەمابوو وا بە دەم ڕێشەوە دەرسەکانی کاوێژ دەکردەوە و، پۆلی قۆشمە کچانی هاوتەمەنی بە هاتنی قرچەپێ لە بەری هەڵدەستان و؛ بە هاو شانی باوکیان ناویان دەبرد.

هەموو شتێک لەودا گۆڕابوو. وەک ئەوەی چرکەکانی ژیان لەو چەن ساڵە دا کێبڕکێیان بووبێت، چرچ و لۆچ ببوو. ئەگەرچی بە ڕواڵەت لە چاو ئەو ساڵانە زۆر گۆڕابوو، بەڵام وەک گەنجێک قیت و قۆز و لەبار دەینواند. ئەو ساڵانەی وا بە منداڵی لە حوجرە حینجە و ئەحمەدی و سەرف و نەحو و گوڵستانی خوێندبوو تەواو کاریان کردبووە سەر ئاکاریشی. ئەو کوڕە زیت و زرینگەی ئەوسای ناو گوند وا وەک کەروەفاڵی بزۆز بەو ناوەدا ترەختانی دەکرد، ئێستا وەک گەنجێکی سۆفیکەڵانەی شەرمن دەردەکەوت وا عەرز شەرمی لێ دەکرد. وەک ئەوەی دوو ژیان ژیابێت یان لە خۆڵەمێشی تەوبەوە بووبێتە کەسێکی دیکە. ئێستاش کە دەستی لە مەکتەب و حوجرە هەڵگرتبو و، پاش دوو ساڵ گەڕابۆوە سەر مەدرەسەی گوند و ببوو بە مامۆستا. گوێی بە هاوڕێیەکانی جارانی نەدەدا. هێشتاش بنەخڵتەی ڕەفتار و ئەخلاقی فەقێیەتی تێدامابوو. لە حاندی کچان ئەو حاڵەتەی لەوەش توندتر بوو. هەتا ئەوەی ڕۆژێک

دەمەو ئێوارە دەگەڕێتەوە ماڵێ. لە بەر دەرگای مزگەوت چاوی بە مەلاژنە گوڵناز دەکەوێت؛ بەڵام تا ئەو ڕۆژە، لەو کاتەوە چووبووە حوجرەی فەقێیەتی هەرگیز چاوی بە چاوی نەک گوڵناز بەڵکوو هیچ کچ و ژنێکی گوندەکەیان نەکەوتبوو. گوڵناز پاتۆڵی هەڵکێشابوو، بە گسکە کۆتەرەیەک خەریکی ماڵینی بەر دەرگا بوو. لە پڕ هەستایەوە و سڵاوی لە میرزا کرد. میرزای پەشۆکاو، تا خۆی دەگەیەنێتە ژوورە تەنگ و تاریکەکەی، کە بە زۆر خۆی جێدەکردەوە لە نێو ئەو هەموو کتێبە شەرعی و عیرفانیانەدا؛ بەردەوام دەنگی سڵاوەکەی بە گوێدا دێت و سڵاواتان لێدەدا. بە تەزوولەیەک کە بە گیانیدا دێت، هەست دەکات تووشی گوناحێکی گەورە هاتووە. هەر بۆیە لەو ڕۆژەوە نەزر دەکات بۆ پاک بوونەوەی، چلەیک بەرێتە سەر. هێشتا بیست ڕۆژ لە خەڵوەتەکەی تێ نەپەڕاندبوو، گوێی بە دەنگێک دەزرینگێتەوە، دیسان هەر ئەو هەستە سەرتاپێی دادەگرێت. خەڵوەتەکەی دەشکێنێ و دێتە دەرەوە، مەلاژنە گوڵناز بە دوایدا هاتبوو؛ دەیگوت: مەلاعارفی هاوسەری نەخۆشە و گوتوویە تا چاک دەبێتەوە فەقێ میرزا ئیشەکانی مزگەوت و جومعە و جەماعەت تێپەڕێنێ.

میرزا دیسان گەڕابووەوە حوجرەکە و نەخۆشی مەلا عارفیش تا دەهات خراپتر دەبوو. ئێواران مەلاژنەگوڵناز بە مەجۆعمەیەک چێشتەوە دەهاتە بەر حوجرەکە و بانگی میرزای دەکرد.

ئەو ڕۆژە بەڵێنی دابوو ئاوی فێنکی درکاندن، بە ژیلەمۆی پیشخواردنەوە داکا و، هەر وا بە شلکی لە چاڵی پیریدا نەکرێتە خەڵووز: هاااا! ئێستاش هەر وەک دۆینێ و پێریێم دێتە بەر چاو لەبیرتە تاکوو تاریکان ڕمبازێنمان دەکرد؟ خۆ شارنۆکە، قەرێ قەرێ!.

ئەرێ منداڵ بووین، بەڵام جۆرێک جیاوازی لە پێوەندێکانمان دا هەر هەبوو. نەبوو؟ من قەت هەست و هەڵوێستم لە حاندی تۆ وەکوو کچەکانی دیکە نەبوو، قەتیش کوڕەکانی دیکە لە بەر چاوم وکوو تۆ نەبوون.

ئەو هەستە مێر منداڵانەیەم بە نەدرکاوی لە چاوەکانی تۆشدا دەخوێندەوە، لانی کەم لای خۆم ئەرخەیان بووم. منداڵیمان وەک خۆی منداڵانە تێپەڕی، بەڵام لە مێرمنداڵێوە ئیدی بەرە بەرە دایە کزی و، نە وەک خۆی بوو نە بە ویستی خۆمان و نە بۆ خۆمان. گەنجی و لاوەتی هەر هیچ، هەر نەمزانی بە کوێدا بزر بوو. کاتێک بیرەوەری لاوەێتی کەسێک دەبیسم، سەرم سووڕ دەمێنێت. من جگە لە ڕەشاییەکی بە تاڵی چەشنی خەو و خەیاڵ، دیمەنێکم نایەتەوە بیر.

باشە من دەسەڵاتم بە خۆم نەبوو، تۆچی؟

من ملّەی مەلا ژنی و، چوونە نێو ڕیزی کەیخودا ژنان، مەودای حەز وگەورە کچ بوون و گەنجێتی قرتاندم؛ تۆ بۆ! قەت چاوەڕوانی من لە میرزا بوونی تۆ ئەوە نەبوو.

بۆ لە زانکۆ دەر چوون و گەڕانەوەت بۆ ئاوایی سەت جارم خۆ ڕازانبێتەوە کەمە، دیارێکانتم هێندە سەر بە مۆر لە کەلێن و قوژبنان شاردبوونەوە؛ لە چنگ و نینۆک ببووم. چەند جار پرچم لە سەریان هەڵقەندراو، گراوی جندۆکە بوون کەوتە فریام. کچە خاڵ و، کچە پور و، هاو پۆلیت نەمان دەرمان داوم نەکردبێتن. بە ویستی هەر دووکمان، منیش درێژەم دابوو بە خوێندن و، یەکەم کەس هاتبوومەوە. پێکەوە نێوی منداڵکەمانمان هەڵدەبژارد و، ئاوەدانی بە ئێمەوە ئۆخەی دەچێشت. ئێستاش وا دەبینی گورج و قۆچاغ بە توێی پاتۆڵێکی پیاوانەوە، ژیانم بۆتە شانۆ، ڕۆژێک لاپێژێکی لادێیی و، ڕۆژێکیش، سەر سپێکی لای سەرو گرتووی لاڵەپەتەم. هێشتاش هەر نەبێت باوەڕم بە خۆیندەوارێکت هەر هەیە، دەجا تۆ و، ولامێک و،دەنا هیچمان لە هیچ!!

- ڕاستە من کوڕ بووم، بەڵام خۆ بێ دەسەڵاتی هەر جۆرێک نییە.

خۆت دیتت منیش چلۆن گولۆڵەی میرزایەتی و توانا و حەزم خلوێر کرانەوە و، ڕۆیشتن بە دۆڵێدا. تەنانەت بە پێی دەقی ئایینیش، هەرزەکاری یەکێکە لە حەوت قۆناغی ژیان ". ئەگەر دەرکی بە قوڕیش بگیرێت ڕۆژێک هەر هەڵەسوون دێنێتەوە. تەنانەت گەر بەلاڕێی دا بەرن خراپتر و، ڕەنگە هەر نەبێ بە زۆڵەکە ڕەگاژۆیەکیش کوڵی دامرکێنێت. ڕیشێک بوو بە ڕیشمەوە و، شانەشم درایە دەست هەر داهێنانەکەی بە من بوو. منیش هەستم دەکرد تەنیا لە گەڵ تۆ شێوەی یەکتر دەدەین. گەلێک جار ون دەبووم و خۆم لە تۆ دا دەدیتەوە. هێندی دەرمان گرتنەوەکانی تۆ، خەیاڵی چەقۆ و کەڵەوە کێشیم دەکرد.

کاتێک میرزا قۆڵ پێچ کراو بەڕێی گرتووخانە دەکرێت، دەگوڕێنێت:" نا گوڵناز، نا، منداڵیشمان هەر هەو نەبوو". براکانی گوڵناز شاڵاوی دەکەنێ و، مەلا عارف قیت وقنج

تەڵاق نامە بە دەستەوە سەرنجی هەموویان ڕادەکێشێ و دەڵێ: گەر بڕیارە کەسێک بگیرێت، ئەوە من و، بابی گوڵناز و؛ بابمین.

**▪ چیرۆکی هاوبەشی: ڕەحمان جەنگ - موحسین سوبحانی – شەرمین ساڵحی**



Mikko Akujärvi

# بە تامە چیرۆک

▪ **ڕۆژیار / ئار پی جی**

کۆتاییەکانی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ی هەتاوی، حەوتوویەک دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، پادگانی مەهاباد لەلایەن حیزبی دیموکرات و بە هاوکاری چەند ئەفسەرێکی کوردی نێو پادگان لەوانە سەرهەنگ ئیرەج قادری، سەروان ئەحمەد جاویدفەر، سەروان کەریم پوورقباد و ئوستوار حامید گەوهەری و ...هتد دەستی بە سەردا گیرا و سەرجەم چەک و چۆلەکەی کەوتە دەست خەڵک و پێشمەرگە. پاشان کە پێشمەرگە شاریان چۆڵ کرد و وەشاخی کەوتن حکومەت دیسان ترسی ئەو چەکانەی هەر هەبوو کە بە دەست خەڵکەوە بوون. لە ڕێگای جۆراوجۆر حەولی دا ئەم چەکانە بەدەست بێنێتەوە. یەکێک لەو ڕێگایانە ئەوە بوو کە لە ڕێگای مامۆستای قوتابخانەکانی سەرەتایی، ئەوانەی کە سەر بە خۆیان بوون قسەیان لە قوتابیان دەردەکێشا. ڕۆژێکی مامۆستایەک کوتی: ئەرێ کوڕەکان، کێ لە ماڵێیاندا ئەسلەحەی هەیە؟

منداڵێک دەستی هەڵێنا و کوتی: وەڵا ئاغا ئێمە ئارپیجیمان هەیە.

ڕاپۆرت درا و بابی کوڕەیان ڕەپێچکی ژووری بازجوویی و لێپرسینەوە دا. هەرچی کوتایان و تێیان هەڵدا و هێنایان و بردیان هەر کوتی: بەخودا قەتم ئەسلەحە نەبووە.

کە دیتیان تێهەڵدان چی دیکە بڕ ناکا هاتن کوتیان کوڕەکەی خۆت باسی کردووە کە ئارپیجیتان هەیە.

کابرا کوتی: جا چۆن شتی وا دەبێ؟ دا بچن کوڕەم بۆ بانگ کەن.

ئەوانیش هاتن باب و کوڕەیان بەرەوڕوو کردنەوە.

بابە: داوەرە پێشێ بزانم، ئاخر توخمە سەگ، ئێمە کەنگێ ئارپیجیمان هەبووە؟دادەی پێم بڵێ.

کوڕ: کوڕە بابە ئەوەنێ وەختی نووستنێ بە دایکم دەڵێی: کچێ دا ئەو برقەی بکووژێنەوە با ئارپیجییەکت لێ دەم!

## ▪ هەمزە ئاگوشی / عەولا خەوخەو!

کەس نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە و کام قەدەر بەرەو ئەو دەڤەرە هەڵی داشتووە. بە "عەولا خەوخەو" بانگیان دەکرد. گەیشتبا هەر تیتۆڵ و بزگوڕێکی، ڕۆی دەبۆیە و لە توورەکەکەی پشتی داویشت. دوو شەدەی بەیەکەوە لە سەری دەبەست. بە دێهاتاندا دەگەڕا و هەمیشە توورەکەیەک بە پشتەوە و کۆڵەوەژێکی درێژ بە دەستەوە و شمشاڵێکی ئاسنی لە بەر پشتێنی دا بوو. زەڕی بۆ کەس نەبوو. ئارام و لەسەرخۆ. پیرەمێردێکی تێکچرماوی، ڕیش چەرمووکی چڵکنەی کورتیلە. چایەکت دابایە، نیوەڕۆژێکی بۆت دەخەوت. بیست و چوار سەعاتی خودای خەونۆچکە دەیبردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، شمشاڵێکی دەژەنی ئاگری لە جەرگ و هەناوان بەردەدا و مردووی زیندوو دەکردەوە. زۆر جاران لەگەڵ هەر هەوایەکی "پێش مێگەلی"، "چیایی" و "هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ"دا، فرمێسک بە سەر ڕوومەتە چرچ و لۆچاوییەکانیدا دەهاتنە خوارێ و کوڵ دەیگرت. بە شەو لە هیچ کوێ نەدەماوە. ئەشکەوتێکی بە ناوی خۆی کردبوو و تێیدا دەخەوت. لە هەر ماڵێک وەژوور کەوتبا، ڕێزی خۆی هەبوو و جامە چایەکیان لە پێش دادەنا. عادەتی خۆی بوو، قەندانە قەندەکەی وە چایەکەی دەگێڕا و بە شمشاڵەکەی بەر پشتێنی تێکی وەردەدا و شیرینی دەکرد. کپ و مات، دەتکوت زمانی لە زاریدا نییە. هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە شارەزای ببوون و چایان بۆ لە جام و شەربان دەکرد. کەس دەرگای لەسەر گاڵە نەدەدا و ڕووی لێ وەرنەدەگێڕا. زۆر ماڵ هەبوون جلوبەرگیان بۆ دەگۆڕی، نان و پێخۆریان بۆ دەپێچاوە و دەیانبردە سەر شۆرکە و دەیانشوشت. کەچی ڕۆژی دواتر سوێندت خواردبا دوو

ساڵە ئاوی وە لاق و لەتەران نەکەوتووە، سوێندت لێ نەدەکەوت. هەموو جارێ بەڕەحمەت بێ "نەنکە فات" دەیکوت: "عەولا"ی هەڵدەیە بەحرێ، قەت ماسییەکی ناهێڵێ!

جاروبار بەدەم بووژانەوەوە، وڕێنەی دەکرد. پچڕ پچڕ کۆمەڵێک وشە و ناوی دەردەبڕی، کەچی کەس نەیتوانی ڕستەیەکی تەواوی لێ گوێ لێ بێ و بۆی بخرێتەوە سەر یەک و لە مەبەستەکەی تێ بگا. بەڵام هەستت دەکرد لە دەردێک دەدوێ، ئازارێک جینگڵی پێ دەدا و دەیهەوێ بە زمانی بێ زمانی شتێک بڵێ و کوڵی دڵی خۆی دامرکێنێ. هەستت دەکرد ئاشقە، ئاشق بووە، ئاشقیان کردووە، دابڕاوە، دایانبڕیوە، ڕووخێندراوە و تێک ڕماوە.

متمانەپێکراوێکی نەناسیاو و خۆشئاواز بوو. یەک دەیکوت "هەجیجی"یە، یەک دەیکوت لە "گەڕووسی"ڕا هاتووە. هەشبوون دەیانکوت لە خزمانی "حەمەڕەشید خان"ی بانەیە. کەچی لە نەوا و هەوای شمشاڵەکەیەوە پێدەچوو هەر خەڵکی ئەو ناوە بێ و لەو دێهاتانەی ئەو دیو "هومام"ەوە کەوتبێتە ئەو بنارە. ساڵانێکی زۆر دڵە زامارەکانی لاواندەوە. ماڵ بە ماڵی ئاوەدانییەکان گەڕا و پشتی ڕێگاوبانەکانی شێلا. لەژێر سێبەری گەڵێ دیوارە ڕووخاو سەرخەوی شکاند و بە لێشاو فرمێسکی هەڵوەراند. دوای عەیامێکی دوور و درێژ، شمشاڵە ئاسنینەکەیان لەنێو کۆمەڵێک ئێسک و پڕووسکی لێکهاڵاوی ئەشکەوتەکەی بەرانبەر بە "زینوێی باراملوان" دیتەوە کە هێشتا لە ناڵە نەکەوتبوو و هەروا هەڵمی تین و تاوی "دێنەوە تەیرەکەی گەرمێنێ"ی لێ هەڵدەستا....

## ▪ ڕێبوار / بانە

هاوڕێیکم کە خەڵکی سەقزە گێڕایەوە: لە گوندێکی ناوچەی بانە مامۆستای قوتابخانە بووم. ڕۆژێک ماڵی باوکم هاتبوون بۆ لام. بۆ سوبحانە بە قوتابییەکم کوت: بچۆ بە دایکت بڵێ بزانە کەرەتان(مەبەست ڕۆنەکەرە) هەیە؟

کوڕەکە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ و دوای چەند خولەک هاتەوە و کوتی: دایکم دەڵێ بە مامۆستا بڵێ کەرمان نییە بەڵام هێسترێکی کوێر و شەلمان هەیە ئەگەر ئەیانهەوێ!

## ▪ هیوا فەتحیان / سەقز

لەم شەوانە لە ماڵ دۆستێکم بووم کە ئەویش نێوی هیوایە و خەریکی هەنگدارییە.

ئەوانەی شارەزای هەنگدارین ئەزانن کە هەنگەکان گرمێن و کوێستانیان پێ ئەکەن. وتی کاکە هەنگمان بردبوو بۆ دزفوول و کرێکارێکمان بوو برێ لە عەقڵا تەواو نەبوو و جار جار قسەی وای ئەکرد وەی لە پێکەنینا! وەی لە داخا!

جارێکیان باسی نەفەرێکی ئەکرد کە چەنێ گەورە و ئازا بووە وتی: ئەو کاورا بەقەی کەرێک ئەبوو! کوڕە کەری چی، بەخوا بەقەی کا هیوا ئەبوو!

## ▪ عەلی هاجەرپوور / سێوەدین

کەماڵ گێڕایەوە: حاجی محەممەد عادەتی وایە لەبەرەخۆیەوە قسان دەکا.

ڕۆژیک لەبەر کاوڕان بوو و منی نەدیتبوو کە لە پشتەوەی بووم. کاوڕێکی نەدەلەوەڕا و خەوتبوو. جا ئەوە حاجی لەبەرەخۆیەوە دەیکوت: ئەو کاوڕە، بێ و نەبێ نەخۆشە، ئائا ئەوەنیە نالەوەڕێ، بە سەری پێغەمبەر لێم مردارەوە دەبێ، چەقۆشم پێ نییە سەری بڕم، گۆشتەکەشی عەدم دەبێ! ئائا دیارە نەخۆشە نەخۆش.

هەرکە ئاوا قسەی دەکرد و لە کاوڕەش نزیک دەبۆوە، لەپڕ لە دواوە گۆچانێکی لە کاوڕە وەژاند، بۆچما کاوڕی بەستزمان وەک فیشەک دەرنەپەڕی! جا ئەوە حاجی: کوڕە نەوەڵڵا نەخۆشی چی، هەر ناجسنە و ئە!

## ▪ کوردی نووسین / مەریوان

کابرایەک لە دێهاتێکی کۆماسی بزنێکی دزیبوو؛ وتیان مامەڕەحمان ئەو بزنەت بۆ خوارد؟ خۆ حەرامە و لە ئەو دونیا بزنەکە تێت تەک ساحێبەکەیا و تۆت پێ پیشانەدا و ئەڵێ ئەم کابرا خواردوومی! ئەویش لە جوابا کوتی: لاژەلاژ، دەی ڕیشی گرم و دەمەی دەس ساحێویۆ!

▪ **حەیدری**

حاجییەکی بەتەمەن لە گوزەری هەورامییەکان لە دووکانەکەیا دانیشتبوو؛ لەپڕ زۆر بەخێرایی ژنێکی جوان و شۆخ و شەنگ بە جانتایەکی دیپلۆماسییەوە (کیف سامسونێت) خۆی کرد بە دووکانەکەی حاجیا.

حاجی زۆری بەدڵ بوو! ژنە وتی: حاجی ئەم دووکانە ئی خۆتە؟

حاجی بەپۆزەوە وتی: بەڵێ ئی خۆمە.

چوار دووکانی تریشم هەر لەم گوزەرەدا هەیە و لە سنەش سێ دووکانم هەیە و لە سەقزیش حەمامێکم هەیە و لە تارانیش هوتێلێکم هەیە. داهاتی مانگانەم لە ١٠٠ملیۆن کەمتر نییە! زۆریش حەزم لە ژنهێنانە و تەندروستیم زۆر باشە و شکور هەر نازانم ڤیاگرا چییە! ماڵی سێ تەبەقە و نێومالی تەواو و ماشێنی مۆدێلباڵا و ٥٠٠ ملیۆنیش پووڵی دانراوم ئامادەیە بۆ ئاهەنگ و شاییی ژن گواستنەوە!

ژنەش وتی: منیش خانمی ....م سەرۆکی بەشی ماڵیات لە ئیدارەی دارایی.

حاجی بەوپەڕی سەرسامی و ترسەوە دەمی داچەقا و وتی: ببوورە دادەگیان!

منیش قالەدرۆزن، کوڕی حاجی کەریمی قۆڵبڕم، لە بنەماڵەیەکی درۆزن و فشەکەر و سەگ و سەگباب و چاوچنۆک! ئەگەر باوەڕیش ناکەی فەرموو بڕۆ لە گوزەرەکە بپرسە بزانە چ سواڵکەرێکی لە برسا تۆپیوم!

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Carlos Cáceres Lavergne ١